https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.5

e-ISSN (2617-0752)     p-ISSN (2617-0744)

# فرەواتایی چاوگی (خواردن، گرتن) لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە

م. ی. ڕوخسار نەبی مەقدید

زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی پەروەردە

rwkhsar.maghdid@soran.edu.iq

**پوختە**


توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی (فرەواتاییی چاوگی (خواردن، گرتن) لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە)، وەک هەوڵێک بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی واتا جیاوازەکانی هەریەکە لە چاوگەکانی (خواردن، گرتن) وەکو فۆڕمی فەرهەنگیی کردار لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە، بە پشتبەستن بە تیۆری چوارچێوەی سیمانتیکی و ڕۆڵی لە هێنانەکایەوەی دیاردەی فرەواتاییی کرداردا بە جۆرێک، کە بەپێی ئەزموونی قسەکەر و گوێگر دەتوانن تۆڕێکی واتاییی جیاواز بهێننەکایەوە، واتە بە کارابوونی هەر چوارچێوەیەک دەکرێ واتایەکی جیاواز دروستبێ. لەم ڕوانگەیەش هەریەکە لە فۆڕمە فەرهەنگییەکانی کرداری (خواردن، گرتن) تۆڕێکی واتایی دروستدەکەن بە جۆرێک، کە بەپێی ئەو داتایانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو فۆڕمی فەرهەنگیی کرداری (گرتن) (13) واتای جیاواز و فۆڕمی فەرهەنگی کرداری (خواردن) (8) واتای جیاوازیان لە زمانی کوردیدا هێناوەتەکایەوە.



**وشە کلیلییەکان:** واتاسازیی زانینی، چوارچێوەی سیمانتیکی، واتای ئینسکلۆپیدی، فرەواتا.

**فرەواتایی چاوگی (خواردن، گرتن) لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە**

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** بریتییە لە (فرەواتاییی چاوگی (خواردن، گرتن) لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە)، کە تێیدا فۆڕمی چاوگ وەرگیراوە، چونکە لە زمانی کوردیدا کرداری فەرهەنگیمان نییە، هەروەها لە ئاستی سینتاکسیشدا سوود لە فۆڕمی کردار وەرگیراوە و واتا جیاوازەکانیان خراوەتەڕوو.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هەوڵدەدات لە ڕوانگەی تیۆری چوارچێوەی سیمانتیکی، وەک مۆدێلێکی واتاسازیی زانینی دیاردەی فرەواتاییی کردار لە زمانی کوردیدا و ڕۆڵی لە دروستبوونی ئەم دیاردە زمانییەدا بخاتەڕوو. بە شێوەیەک، توێژینەوەکە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە چۆن دەبنە هۆی هاتنەکایەوەی ئەم دیاردەیە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی)، لە چوارچێوەی واتاسازیی زانینی بۆ وەسفکردنی بابەتەکان بەکارهاتووە، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی کردار، بە پشتبەستن بە مۆدێلی چوارچێوەی سیمانتیکی.

**کەرستەی توێژینەوەکە:** زمانی کوردی_زاری ناوەڕاستە، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە داتاکانی فەرهەنگە یەک زمانییە کوردییەکان و سەلیقەی زمانیی توێژەر بەستراوە.

**سنووری توێژینەوەکە:** شیکردنەوەی واتا جیاوازەکانی کردارە لە چوارچێوەی واتاسازیی زانینییەوە، کە تێیدا جگە لە سەلیقەی زمانیی

توێژەر، پشت بە هەریەکە لە فەرهەنگەکانی (فەرهەنگی خاڵ، هەنبانەبۆرینە، فەرهەنگی شێخانی) بەستراوە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** جگە لە پێشەکی و ئەنجام چەند تەوەرەیەک دەگرێتەخۆی، وەکو واتاسازیی زانینی، کە تێیدا تیشکخراوەتەسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدان و بنەماکانی ئەم زانستە، هەروەها هەریەکە لە بابەتەکانی فرەواتایی و چوارچێوەی سیمانتیکی باسکراون لەگەڵ لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی) خراونەتەڕوو.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:** دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و گرنگیی تیۆریەکە لە پرسی واتا و لێکدانەوەی بۆ دیاردە زمانییەکان بە تایبەت لەبارەی فرەواتاییی کرداردا، کە لە زمانی کوردیدا تا ئێستا نەبۆتە جێی بایەخی زمانەوانەکان بە تایبەت مۆدێلی چوارچێوەی سیمانتیکی و ڕۆڵی لە هێنانەئارای فرەواتاییدا.

## 1-1واتاسازیی زانینی

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ "سالآنی حەفتاکانەوە، وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر ئەو تیۆرانەی لەو کاتەدا دەربارەی زمان بە گشتی و واتای زمانی بە تایبەتی لەئارادابوون" (ابراهیم، ٢٠١٩: ٣٦)، هەروەها زاراوەی واتاسازیی زانینی "بۆ یەکەمجار لەلایەن لاکۆفەوە خرایەڕوو، کە پێیوابوو زانیارییە زمانییەکان لە بیرکردنەوە و زانینی مرۆڤ دابڕاو نین" (صفوی، ١٣٩٩: ٣٦٣)، بەمەش زانینییەکان مۆدێلێکی جیاوازتر بۆ واتا و پرۆسەی واتاداربوونی یەکە زمانییەکانیان خستەڕوو بە جۆرێک، کە "زمان وەک سیستمێکی خودموتاری/ خۆبەڕێوەبەری نابینێت، جیاوازتر لە کۆزانیاریی زمانی دەڕوانێت، بە تایبەتی کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیایی" (تۆفیق، 2015: 21)،

واتە پرۆسەی واتاداربوون پەیوەستە بە ڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی. هەروەها لایەنێکی تری گرنگیی زانینییەکان لە توێژەنەوەکانیان سەبارەت بە زمان ئەوەیە، کە "بابەتی سەربەخۆبوونی زمان لە پڕۆسە زەینییەکانی دیکەی مرۆڤ لەئارادا نییە. بە جیا دانانی ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانیش بەلایەوە پەسند نییە، چونکە ناکرێ بۆ نموونە زمانێک لە ڕووی سینتاکسەوە تاوتوێ بکرێ و بە پشتگوێخستنی واتای ئەو یەکانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێ بە ئاکامێکی پەسند بگەین" (سورخی، ٢٠٠٨: ٣٦)، واتە زانینییەکان پێیانوایە ناکرێ ئاستەکانی زمان لە یەکتر دابڕێن، بە تایبەتی ئاستەکانی سیمانتیک و پڕاگماتیک، چونکە "واتاناسانی زانینی باوەڕیان وایە، کە لە نێوان واتای جەوهەری وشە و واتای بەکاربراو، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی هیچ جیاوازییەک نییە پێیانوایە ناکرێ بە شێوەیەکی ڕەها واتای پڕاگماتیک و سیمانتیکی لە یەکتر جیابکرێنەوە" (روشن و اردبیلی، ١٣٩٩: ٧١)، چونکە زانینییەکان واتا پەیوەست دەکەن بە ئەزموون و ئاگاییەکانی مرۆڤەوە، بە جۆرێک، کە باوەڕیان وایە "خودی واتای زمانی دەرخستن و خستنەڕووی داڕشتەی چەمکییە، کە پێکهاتوویەکی واتای زمانی و نازمانییە و بە دەستهاتووی ئەزموون، شارەزایی و پەیپێبردنەکانی تاک و کۆمەڵی بەکارهێنەری زمانە" (ابراهیم، ٢٠١٩: ٣٧)، بەم پێیەش پڕۆسەی بەچەمککردن، کە لە ئەزموونی مرۆڤ و ئاگاییەکانی سەرچاوە دەگرێ ناتوانن بە ڕەهایی خۆیان پەیوەست بکەن بە ئاستێکی دیاریکراو لە ئاستەکانی زماندا، چونکە لە ڕوانگەی زانینییەکانەوە پڕۆسەی بەچەمکبوون پەیوەستە بە ئەزموونەکانی مرۆڤەوە.

بۆ نموونە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرە بۆ تێگەیشتن لە چاوگی (کەوتن) بەبێ سەرنجدان لە دەوروبەری جیاواز و بەستنەوەی بە دەوروبەرێکی کۆنکرێتی ناتوانرێ پرۆسەی تێگەیشتن لە واتای (کەوتن) بە شێوەیەکی

دروست بهێتەکایەوە، چونکە بەپێی ئەزموون و شارەزاییەکانی پەیوەست بە هەر دەوروبەرێک دەکرێ واتایەکی جیاواز بەدەستەوەبدات.

١. قەڵەمەکەم کەوت.

٢. ئازاد لە دوو وانە کەوت.

بە سەرنجدان لە هەریەک لەم دەوروبەرانەی ئەم ڕستانەی تێدا دەربڕاوە کرداری (کەوت) واتایەکی جیاوازی هێناوەتەکایەوە، بە شێوەیەک لە ڕستەی (١) بە واتای کەوتنەخوارەوەی تەنێک دێ، بەڵام لە ڕستەی (٢) بە واتای دەرنەچوون لە وانە بەکارهاتووە.

واتاسازیی زانینی تاکە تیۆر و ڕێبازێکی واتایی نییە، بەڵکو خاوەنی چەند ڕوانگەیەکی جیاوازە، کە لە بنەڕەتدا چەند سیمایەکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە و هەر ئەم سیما هاوبەشانەش بنەما سەرەکییەکانی ئەم تێڕوانینە پێکدێنن، کە ئەیڤانس و گرین لە چوار بنەمای سەرەکی خستوونیانەتەڕوو بەم شێوەیە:

1. ڕۆنانی چەمکی ڕۆنانێکی بەرجەستەکراوە.
2. ڕۆنانی واتا، ڕۆنانێکی چەمکییە.
3. نواندنی واتا ئینسکلۆپیدیاییە.
4. پێکهاتەی واتایی بە چەمککردنە (Evans and Green, 2006: 157).

**یەکەم/ ڕۆنانی چەمکی ڕۆنانێکی بەرجەستەکراوە**

بەپێی ئەم بنەمایە، ڕۆنانی چەمکەکان لە ئەنجامی ئەزموون و بەرکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی فیزیکی سەرچاوەدەگرن، واتە "ئەمە سروشتی ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان پەیکەری واتایی و جیهانی

دەرەوەدا هەیە. دروستەی چەمکی وەک ئەزموون تاقیدەکرێتەوە، ئینجا لە ئاوەزدا وەک ڕاستی هەڵدەگیرێت و وەکو پەیپێبردنی سروشتی کارلێککردنی نێوان مرۆڤ و جیهانی دەوروبەر لێکدەدرێتەوە" (نەبی، ٢٠١٥: ٣٠)، کەواتە بەپێی ئەم بنەمایە ماهییەتی چەمکەکان لە ئەزموون و بەرکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی فیزیکی پەیدادەبن. بۆ نموونە منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەکردن و کەوتنەسەرپێ زانیاری و شارەزاییەکانی لە چوارچێوەی ئەزموون و تاقیکردنەوە بەدەستدەهێنێ، بە جۆرێک لە کاتی یاریکردن لەگەڵ ئەو گیانلەبەرانەی، کە گازدەگرن خۆی ناپارێزێ، بەڵام دوای ئەوەی، کە گیانلەبەرەکە گاز لە منداڵەکە دەگرێ ئیتر چەمکی گازگرتن لە ڕێگەی ئەزموونەوە لە ئاوەزیدا هەڵدەگرێ و خۆی لە بەرکەوتنی لەگەڵ ئەم جۆرە گیانلەبەرانە دەپارێزێ، واتە منداڵ شارەزایی و زانیارییەکانی لە ڕێگەی جەستەی خۆیەوە دادەڕێژێ، بەمەش ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە پرۆسەی بەچەمکبوون لە ڕێگەی بەریەککەوتنی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی فیزیکیدا پەیدادەبێ.

## دووەم/ ڕۆنانی واتا ڕۆنانێکی چەمکییە

مەبەست لێی ئەوەیە، کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتا پەیوەستە بە چەمکەوە بە جۆرێک، کە زمان بە تەنها پەیوەست نییە بە جیهانی دەرەوە، بەڵکو پەیوەستە بە بوونی ئەو چەمکانەی، کە لە بیر و زەینی قسەکەراندا هەن (منتشلو، ١٣٩٦: ١٦٣)، واتە لە دوای پرۆسەی بەچەمکبوون لە بیری مرۆڤدا، پرۆسەی بەرهەمهینانی واتا سەرهەڵدەدات، بەمەش "ئەوەی گرنگە ئەو بونیادە چەمکییانەیە، کە لەلای قسەکەر بەچەمککراوە، نەک بونیادە چەمکییە ڕاستەقینەکەی خودی جیهان" (غەریب، ٢٠١٧: ٤١). هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کە پێیانوایە ڕۆنانی واتایی ڕۆنانێکی چەمکی هەیە.

بۆ نموونە بۆ تێگەیشتن لە وشەی (ئافرەت) ئەم بنەمایە دوو تێڕوانینی جیاواز دەخاتەڕوو، کە یەکێکیان ڕۆنانی واتایە لەسەر بنەمای

وشەکە و پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە، واتە هەڵگری کۆمەڵێک سیمای هاوبەشە لە چوارچێوەی فەرهەنگە گشتییەکاندا، بەم پێیەش وشەی (ئافرەت) = (+ مرۆڤ، + مێ، + هەراش)، بەڵام لە تێڕوانینی دووەمدا، کە ڕۆنانی چەمکی دەگرێتەوە واتای وشەی (ئافرەت) پەیوەستە بەو چەمکانەی لە ئاوەزی مرۆڤدا هەن، نەوەک ئەو واتایەی، کە لە جیهانی دەرەوەدا هەیەتی، بەمەش وشەی (ئافرەت)= (+ بەناز، + میهرەبانی، + ناسکی)، بەمەش ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە دەربڕینەکان تەنها ئاماژە نین بۆ ئەو شتانەی، کە لە جیهانی دەرەکیدا هەن، بەڵکو ئاماژەن بۆ ئەو چەمکانەی لە هزر و بیرکردنەوەکانی مرۆڤدا هەن.

**سێیەم/ نواندنی واتا ئینسکلۆپیدیاییە**

ئەمەش بەو واتایە دێ، کە سروشتی واتای وشە ئینسکلۆپیدیاییە بە جۆرێک، کە ناتوانرێ درک بە واتاکەی بکری بەبێ ئەو سروشتە ئینسکلۆپیدیاییەی، کە هەیەتی، بەو واتایەی "وشەکان خاوەنی واتایەکی دیاریکراو نین وەک ئەوەی لە فەرهەنگی نووسراوی زمانەکاندا بەدیدەکرێت، کە بەرانبەر هەر وشەیەک دەستەیەک واتای یەک بەدوای یەک و ڕێکخراو ڕیزکراون، بەڵکو زیاتر ڕێگەیەکن بۆ گەیشتن بە گەنجینەی کۆزانیارییەکان دەربارەی چەمکێک لە ئاوەزی مرۆڤدا" (ابراهیم، ٢٠١٩: ٤١)، کەواتە لەسەر ئەم بنەمایە زانینییەکان بۆ تێگەیشتن لە واتای وشە ڕوانینی فەرهەنگی بۆ واتای وشە ڕەتدەکەنەوە و "وشە بە خاڵی دەستگەیشتن بە واتای ئینسکلۆپیدیایی دادەنێن" (روشن و اردبیلی، ١٣٩٩: ٧٢)، کەواتە بەپێی ئەم بنەمایە وشە هۆکارە نەوەک ئامانج. لەڕێی وشەکانەوە دەتوانرێ واتای ئینسکلۆپیدیایی بەدەستبهێنرێت، بەپێچەوانەی ڕوانینی واتای فەرهەنگی بۆ وشە، کە وشە بە ئامانج دادەنرێ نەوەک هۆکار، بەمەش دەکرێ بگوترێ زانیاریی ئینسکلۆپیدیایی لە کەسێکەوە بۆ

کەسێکی تر وەک یەک نییە، لێرەدا دەتوانرێ وشەی (ڕەگ) وەک نموونە وەربگیرێت.

3. ڕەگەکەی وشکبووە.

4. ڕەگەکەی کلۆرە.

5. ڕەگەکەی هاوبەشە. (ابراهیم، 2019: 42). بە وەردبوونەوە لە واتای وشەی (ڕەگ) لە هەریەک لەم ڕستانەی سەرەوەدا بە ئاشکرا هەست بە جیاوازیی واتای وشەی (ڕەگ) دەکرێ، ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ڕوانینی ئاخیوەران، کە بەرانبەر بەم چەمکە هەیانە. کەواتە "بە شێوەیەکی سەرەکی سروشتی ئینسکلۆپیدیایی لە واتادا سەرنجپێدان و گرنگیدانە بە دروستەی سیمانتیکی، کە پەیوەست بە دروستەی کۆزانیاریی چەمکییەوە ڕێکدەخرێت. بەپێی سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی، واتای وشە لەسەر بنەمای بیرۆکەی مەودا frame بنەما دەکرێت و لێی تێدەگەی، ئەمەش لەلایەن زمانەوان (چارلس فیلمۆر Fillmore)ەوە گەشەی پێدرا" (حەسەن، ٢٠١٥: ٤٠)، بە واتایەکی تر فیلمۆر باوەڕی وایە، کە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی وشە، کە خاوەنی ڕۆنانێکی چەمکییە پێویستە چوارچێوەیەک کارا بکرێ لەسەر بنەمای زانیارییەکانی مرۆڤ. ئەم توێژینەوەیەش لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵدەدات فرەواتاییی چاوگەکانی (گرتن، خواردن) شیبکاتەوە.

**چوارەم/ پێکهاتەی واتایی پێکهاتەیەکی چەمکییە**

بەپێی ئەم بنەمایە بونیادی واتایی بەهۆی پرۆسەی بە چەمککردن ڕۆدەنرێت واتە "ڕۆنانی واتا بەچەمککردنە" (اونز و گرین، 1399: ٢١٧)، بەڵام ئەم سروشتە لە ڕۆنان و بەرهەمهێنانی واتادا لە زانستی زمانناسیی زانینی ئەوە ناگەیەنێ، کە چەمکەکان دابڕاو بن لە جیهانی دەرەوە، بەڵکو

دەکرێ ئەم چەمکانە لە دەرەوەی جیهانی مرۆڤەوە بێن و ببنە سەرچاوەی زانیاری سەبارەت بە جیهانی دەرەوە، کەواتە "پرۆسەی بونیادنانی واتا لەسەر بنەمای بەچەمککردنە لەلای مرۆڤی بەچەمککەر. لێرەدا مەرج نییە فۆرمێکی ڕاستی لە جیهاندا بۆ واتای زمانی هەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی بونیادنانی واتا یەکسانە بە (بەچەمککردن)، واتە شێوازێک لە ڕاستی چۆنیەتیی بەچەمککردنی جیهان لەلای مرۆڤی بەچەمککەر بەهەندوەردەگرێت" (غەریب، ٢٠١٧: ٥٢)، بەمەش ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە کەرستە زمانییەکان هۆکارنین لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتادا، بەڵکو چەمکەکان ئەو ڕۆڵە دەگێڕن، واتە "زمان تەنها بریتی نییە لە بەکۆدکردنی واتا، بەڵکو لەگەڵ کردەکانی گەیاندنی چەمک، تێخستنی پاشخانی زانیارییەکانیشە" (نەبی، (2015: 33) ئەمەش بەو واتایە دێت، کە لە پرۆسەی بەچەمککردندا بەتەواوەتی جیهانی دەرەکی ڕەتناکرێتەوە.


بۆ نموونە واتای وشەکانی (کەرەوز، تەڕەتیزە، کەوەر، شویت، مەعدەنووس)، لەلای تاکی کورد چەمکی (سەوزە) پێکدەهێنن، واتە بنیادنانی واتایی بۆ چەمکی سەوزە لەلایەن تاکی کوردەوە پەیوەستە بە بەرکەوتنی بەم جۆرە جیاوازانەی سەوزە، لە کاتێکدا بەهۆی جیاوازیی بەرکەوتنەکانی تاکی ئەورووپی بە (گێزەر، تەماتە، خەیار) هەریەک لەمانە لە مەودای (سەوزە)دان (غەریب، 2017: 53)، بە واتایەکی تر جیاوازیی بیرکردنەوەی مرۆڤێکی کورد سەبارەت بە بەرکەوتنی بە جیهانی دەرەکی، بە بەراورد بە ئەورووپییەک دەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی ڕوانینێکی جیاواز بۆ چەمکی یەکە زمانییەکان.

## 2-1 چوارچێوەی سیمانتیکی

یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکانی بواری واتاسازیی زانینی چوارچێوەیە (frame)، کە وەکو تیۆرێک لە سالانی ( 1975_1977_1982)لەلایەن چارلس فیلمۆرەوە خراوەتەڕوو. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تیۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی لەسەر ڕێزمانی دۆخ (Grammar Case)، کە لە ساڵی 1968 بە ناونیشانی the case for (case)[1] یەکەم ڕوانینی خۆی سەبارەت بەم بابەتە بڵاوکردەوە ( Fillmore, 1977: 1)، بەڵام ئەم تیۆرە گەشەی پێدراو و بوو بە یەکێک لە تیۆرە دانەبڕاوەکانی واتاسازیی زانینی.

دەکرێت بگوترێ خاڵی دەستپێکی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی فیلمۆر لەسەر ڕێزمان، بەڵام دواتر بەهۆی هەوڵەکانی لە پێشخستن و گەشەپێدانی تیۆرەکە و ئەو کاریگەرییەی لە بواری واتاسازیی زانینی هێنایەکایەوە، دەبێتە تیۆرێکی دانەبڕاو و گرنگی واتاسازیی زانینی و مەودای کارکردنی لە سنووری ئەم زانستەدا وایکردووە زمانەوانان هۆکاری هاتنەئارای ڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی دەگەڕێننەوە بۆ کاریگەریی ئەم تیۆرە، کە تێیدا فیلمۆر هەر چوارچێوەیەک (frame) بە نەخشەیەکی ئەزموونی دادەنێت، کە لە یادگەی درێژخایەندا هەڵگیراوە، هەروەها پێی وایە ناتوانرێت چوارچێوەکان لە ئەزموونی مرۆڤ جیابکرێنەوە و لە دەرەوەی ئەم ئەزموونە لە واتاکانیان بگەین ( Evans and green, 2006: 222)، چونکە لە تێڕوانینی چوارچێوەی سیمانتیکیدا "واتای وشە و پێکهاتەی ڕێزمانی بەبێ چوارچێوەی سیمانتیکی شیاوی درکپێکردن نین، چونکە چوارچێوەکان لە کۆمەڵێک توخم پێکهاتوون، کە لە دەوری یەک ئەزموندا کۆدەبنەوە" (حسابی، ١٣٩٥: ٦)، واتە ناتوانرێ درک بە واتای وشە و پێکهاتە ڕێزمانییەکەی بکرێ لە دەرەوەی ئەزموونی مرۆڤ، بۆ نموونە بۆ تێگەیشتن لە واتای وشەکانی (کڕین، فرۆشتن، داشکاندن)

پێویسته شارەزاییمان لەو چوارچێوەیە هەبێ، کە ئەم وشانەی تێدا دەربڕاوە، بەمەش چوارچێوەی واتایی (بازاڕ) کارا دەبێ یان دەکرێ بگوترێ: "بە دەربڕینی هەر وشەیەکی زمان چوارچێوەکەی چالاک دەبێت" (باپیر، ٢٠٢١: ١١٣)، بۆ نموونە فیلمۆر لە چوارچێوەی کڕین و فرۆشتنی کاڵادا پەیوەندییەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوووندەکاتەوە:




هێڵکاری ژمارە (1) مامەڵەی کڕین و فرۆشتن[Evans and Green, 2006: 247]

ئامانجی سەرەکیی هێڵەکانی ناو ئەم هێڵکارییە ڕوونکردنەوەی قۆناغی دەستپێکی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنە، بە جۆرێک کە لەم قۆناغەدا پەیوەندی و نزیکیی پارە لەگەڵ کڕیار و کاڵا لەگەڵ فرۆشیار ڕوووندەکاتەوە، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە پێش ئەوەی دەست بە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بکرێ (پارە) لەلای (کڕیار)ە و (کاڵا) لەلای (فۆشیار)ە، دوای ئەنجامدانی مامەڵەکە پەیوەندییەکان پێچەوانەدەبنەوە. کەواتە بەهۆی ئەو ئەزموون و شارەزاییەی، کە لە جیهانی دەرەوەدا (هەڵکەوت) سەبارەت بە هەریەک لە وشەکانی<<کڕیار>>، <<فرۆشیار>>، <<کاڵا>> و <<پارە>> هەمانە دەبێتە هۆی کارابوونی چوارچێوەی (کڕین و فرۆشتن) لە زەینماندا.

بەم پێیەش ئەمە ڕووندەبێتەوە، کە چوارچێوە واتاییەکان لە ئەنجامی ئەزموونی مرۆڤەوە لە جیهانی فیزیکی و کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەدەگرن و لەگەڵ هەر گۆڕانێک لە ئەزموون و شارەزاییەکانی، ئەم چوارچێوانەش گۆڕانیان بەسەردادێن یان نامێنن و چوارچێوەی نوێ دێننەئاراوە "بۆیە سیمانتیکە چوارچێوەییەکەش هەمیشە و بە بەردەوامی لەگەڵ شارەزایی مرۆڤدا نوێدەکرێنەوە و چاکدەکرێنەوە و ڕێکدەخرێنەوە. واتە سیمانتیکی چوارچێوەیی ب بەپێی هەژاری و دەوڵەمەندیی ئەزموونەکانی مرۆڤەکەبەردەوام لە گۆڕاندایە" (قادر، ٢٠١٧: ٤٤٣)، چونکە بەپێی ڕوانینی چوارچێوەی سیمانتیکی، کە لەسەر بنەمای واتای ئینسکلۆپیدیایی بونیادنراوە "زمان ڕەنگدانەوەی جیهانی ڕاستی و واقیع نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پەیبردن و خوێندنەوە و تێگەیشتنی کەسەکانە بۆ واقیع" (ابراهیم، ٢٠١٩: ٤١). هەر بۆیە زانینییەکان لەو باوەڕەدان "زانیارییەکانی ناو هەر ڕۆنانێکی ڕستە هەڵگری واتای سیمانتیکی و پراگماتیکین و شیکردنەوەی ئەم زانیارییانەش لە ڕوانگەی چوارچێوەی سیمانتیکیدا پشت بە جوڵەی زانیارییەکان دەبەستێت، کە چوارچێوەی واتایی جیاواز پیشاندەدەن، بەمەش فرەواتایی دێتە ئاراوە" (حسابی، ١٣٩٥: ٦)، کەواتە چوارچێوەی سیمانتیکی ڕێگایەکی دیاریکراو بۆ ڕوانین لە واتای وشە پێشکەشدەکات و زیاتر جەخت لەسەر دانانی چوارچێوەیەکی سیمانتیکی پەیوەست بە بونیادە ڕێزمانییەکانەوە دەکاتەوە، بۆ نموونە دەتوانرێ چوارچێوەیەکی سیمانتیکی پەیوەست بە کردارەکان وەربگرێ. کە لەم تیۆرەدا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە بۆ تێگەیشتن لە واتای کردارەکان دەبێت چوارچێوەی سیمانتیکیی کردارەکە وەک (ئارگۆمێنت-داواکەر) بە پێویستییەکانیەوە (ئارگۆمێنت - داواکراوەکانی کردارەکە) بەبیربهێنرێنەوە تا تێگەیشتن دروستبێت (غەریب، ٢٠١٧: ٤٦)، بۆ ئەم مەبەستەش چوارچێوەی سیمانتیکی جەخت لەسەر ڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە واتا جیاوازەکانی کردار.

کردارەکانیش لە زمانی کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هێنانەکایەوەی دیاردەی فرەواتاییدا بە جۆرێک، کە "زۆر لە کارەکانی زمانی کوردی دیاردەی فرەواتاییان لێ سەر هەڵدەدات" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٢٠٠)، ئەمەش بەهۆی ئەو زانیارییە ئینسکلۆپیدیاییەوەیە، کە کردار لە زەینی قسەپێکەرانی زمانەکەدا هەیەتی، بۆیە توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە ڕوانگەی چوارچێوەی سیمانتیکی فرەواتایی هەریەک لە چاوگەکانی (گرتن، خواردن) لە زمانی کوردیدا شیبکاتەوە و بە پشتبەستن پێی واتا جیاوازەکانیان بخاتەڕوو، بەم پێیەش لە بەکارهێنانە سینتاکسییەکەیاندا مامەڵە لەگەڵ فۆڕمە (کرداری)یەکەیان کراوە، ئەگەرچی چاوگ و کردار دوو بابەتی جیاوازن لە دروستبووندا، بەڵام تێکەڵن لە بەکارهێناندا، بۆیە زمانەوانان گەیشتوونەتە ئەم ڕایەی، کە چاوگ ئەم وشەیەیە، کە واتای کاری تێدابێ، بەبێ کات لە ڕستەدا دەشێت بە شیوەیەک دەرببڕێت، کە جێگەی کردار بگرێتەوە و لەو ڕووەوە، کە ئەویش وەک کردار (کارا) و (بەرکار)ی هەبێ. ئەم یەک خێزانییەی پەیوەندی چاوگ و کار وایکردووە چی دەربارەی کار گوتراوە لە ڕووی فۆڕم و واتاوە سەرلەبەری بۆچاوگ بگوترێ (عەلی، 2013: 40-41)، هەربۆیە توێژینەوەکەش لەسەر ئەم بنەمایە سوودی لە فۆڕمی (چاوگەکان) وەرەرگرتووە و لە ئاستی سینتاکسدا واتا جیاوازەکانی کردارەکانی خستۆتەڕوو.

## 3-1 فرەواتایی

فرەواتایی یەکێکە لەو دیاردە زمانییانەی، کە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو زمانەکاندا بەدیدەکرێ واتە دیاردەیەکی گشتگیرە و لەناو هەموو خێزانە جیاوازەکانی زماندا بە درێژایی مێژوو هەبووە (اصغری و جعفری، ١٣٩٦: ٢٢)، بەڵام ئەوە بەو واتایە نایە، کە لە ڕووی بەکارهێناندا لە هەموو زمانەکاندا یەک ئاستی دیاریکراوی هەیە. فرەواتایی یەکێکە لە پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان، بەشێکە لە پەیوەندییە واتاییەکان، لە

ئاستی ستوونییەوە (Paradigmatic) دەکەوێتەوە. یەکەمجار بە شێوەیەکی زانستی لەلای ڕۆنانکارە ئەوروپییەکان سەریهەڵداوە.

سەرەتای سەرنجدانیش لەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەواقییەکان (گندمکار، ١٣٩٥: ١٥)، بەم پێیەش فرەواتا بریتییە لە "هاتنی دانەیێکی فەرهەنگی بە زنجیرەیەک واتای جیاوازەوە، یان وشەیەک بە ژمارەیەک واتاوە"(قادر، 2000: 10)، بەو مەرجەی دانە فەرهەنگییەکە دەروازەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێ. بە واتایەکی تر "فرەواتا وەک دیاردەیەک لە زماندا ئەوەیە، کە وشەیەک زیاتر لە واتایەکی هەبێت، بە مەرجێ ئەو وشەیە یەک نەژادی هەبێت" (عەلی، ٢٠١٤: ٧٧)، کەواتە فرەواتایی کاتێک دێتەئاراوە، کە توخمە زمانییەکە هەڵگری چەند واتایەکی جیاوازبێت، بەڵام واتاکانیان یەک ڕیشەیان هەبێت.

فرەواتایی بوارێکی گرنگی توێژینەوەی واتاسازییە، هەر ئەم گرنگییەش وایکردوە، کە لە قوتابخانەی زماننا‌سیی زانینیدا، بە تایبەت واتاسازیی زانینی بایەخێکی تایبەتی پێبدرێ و ئەم بایەخپێدانەش وایکردووە، کە بۆچوونێکی نوێ بە بەراورد بە قوتابخانە زمانییەکانی تر سەبارەت بەم دیاردەیە بهێنێتەئاراوە، ئەمەش بەهۆی بوونی ئەم ڕوانینەی، کە قوتابخانەکە بۆ پرسی زمان و دیاردە زمانییەکان هەیەتی. هەر بۆیەش پێناسەی فرەواتایی بەوە دەکرێت؛ "دیاردەیەکە، کە بەهۆیەوە یەک فۆڕمی زمانی خاوەنی ژمارەیەک واتای جیاوازە و واتا جیاوازەکانیش لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدان" (باپیر، 2021: 126)، واتە مەرجی دروستبوونی فرەواتا ئەوەیە، کە هەر فۆڕمێکی زمانی توانای هەبێ ژمارەیەک واتای جیاواز بهێنێتەئاراوە، بە واتایەکی تر پەیوەندییەکە لە فۆڕمی دەنگەکاندا نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ئاستی واتاوە

(Abdulrahman, 2016: 7)، بەمەش ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هیچ فۆڕمێکی زمانی بەبێ نواندنی واتای جیاواز ناتوانێ دیاردەی فرەواتایی بهێنێتەئاراوە. ئەمەش بە هۆکاری سەرەکی هاتنەکایەوەی فرەواتایی دادەنرێ بەرانبەر هەریەکە لە تاکواتایی و هاوبێژی، چونکە "فرەواتایی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە دەکەوێتە نێوان سنووری هەردوو بۆچوونی تاک واتایی و هاوبێژی (باپیر، ۲۰۲۱: ۱۳۰)، لەبەرئەوەی بەپێی بۆچوونی تاکواتایی "وشە هەرگیز ناتوانێ لە دەوروبەری جیاوازدا واتایەکی یەکسان بهێنێتەئاراوە" (Colins, 2007: 2)، بە هۆکاری ئەوەی واتای وشە بەپێی بواری بەکارهێنانی لە دەوروبەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت بە شێوەیەک، کە ئەم بۆچوونە پێیوایە وشە خاوەنی کرۆکە واتای جیاواز نییە، بەڵکو واتاکەی لە دەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێ. هەرچی سەبارەت بە هاوبێژیشە زمانەوانان پێیانوایە "بریتییە لە یەکگرتنەوەی دوو وشە یان زیاتر لە فۆڕمدا و جیاوازبوونیان لە واتا و بنەڕەتدا" (حەسەن، ۲۰۱٤: ٥٥)، واتە جیاواز لە واتا و هاوبەش لە فۆڕمدا بە جۆرێک، کە سەرچاوە و ڕیشەکەیان لە یەکتری جیاواز بێت و دروستبوونیان بۆ یەک سەرچاوە نەگەڕێتەوە (Lobner, 2013: 46). بەمەش ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە وشە هاوبێژەکان هەریەکەیان بە جیا دەروازەی تایبەت بە خۆیان لە فەرهەنگدا بۆ دەکرێتەوە، بەڵام بەو هۆیەی فرەواتاکان دەگەڕێنەوە بۆ یەک سەرچاوە بۆیە "لە فەرهەنگدا یەک دەروازەی فەرهەنگییان بۆ دەکرێتەوە" (Saeed, 2009: 64)، وەکو:

ڕۆژ: 1. خۆر


2 . ڕۆژەکانی هەفتە

کەچی ئەو وشانەی، کە دەبنە هاوبێژ "ئەو وشانەن کە هەمان نیشانەی فۆنەتیکییان هەیە، بەڵام چەپکە نیشانەی سیمانتیکیی جیاوازیان هەیە" (مەحوی، ٢٠٠٩: ٤٥)، بۆیە هەریەکەیان دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان هەیە. وەکو:

ڕان1: ڕانی گیانلەبەر

ڕان 2: مێگەلە مەڕ

بۆیە لەژێر ڕۆشنایی هەریەک لەم زانیارییانەی خرانەڕوو دەکرێ جیاوازیی نێوان هەریەکە لە هاوبێژ و فرەواتا لەوەدا کورتبکرێتەوە، کە هاوبێژی واتا جیاوازەکانی دەداتە پاڵ کۆمەڵێک وشە، بەڵام فرەواتا واتا جیاوازەکانی لە چوارچێوەی یەک وشەدا دەخاتەڕوو ( Lobner, 2013: 46) هەروەک لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوتەوە:




هێڵکاری ژمارە(2) هاوبێژی و فرەواتایی [Sebastian lobner: 2013: 47]

فرەواتا یەک فۆڕمە بە کۆمەڵێک واتای جیاواز، هاوبێژ کۆمەڵێک فۆڕمی لەیەکچوون بە واتای جیاوازەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی، کە

واتاسازیی زانینی لە چوارچێوەی زمانناسیی زانینیدا (CL) هاتۆتەئاراوە و ئەم قوتابخانەیەش لە چەند بۆچوون و تیۆرێک پێکهاتووە بووەتە هۆی ئەوەی بە هەمان شێوەش دیاردەی فرەواتایی بەپێی بۆچوون و ڕوانینی زمانەوانەکانی ئەم قوتابخانەیە چەند مۆدێلێکی جیاواز بۆ شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە سەرهەڵبدا، وەکو:

1. فرەواتایی بنەمادار
2. مێتافۆڕی چەمکی
3. چوارچێوەی سیمانتیکی ...هتد

ئەم توێژینەوەیەش بۆ شیکردنەوەی فرەواتا و دیاریکردنی واتا جیاوازەکانی (کردار) مۆدێلی چوارچێوەی سیمانتیکی بە پەسندتر دەزانێ و بە پشتبەستن بەم مۆدێلە واتا جیاوازەکانی کار دەخاتەڕوو.

## 1-2 فرەواتاییی چاوگی (گرتن)

بۆ تێگەیشتن لە واتا جیاوازەکانی کردار لە ڕوانگەی تیۆری چوارچێوەی سیمانتیکی پێویستە ڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی بهێنرێتەئاراوە، چونکە واتای چوارچێوەکان، لە ئەزموون و زانیارییە گشتییەکانی جیهانی دەرەکی سەرچاوەدەگرن، واتە "درکپێکردنی هەمەکییانەی هەستەکانی (بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن، هەستکردن، بەرکەوتن)ە بۆ چەمکی شتەکان"(نەبی، ٢٠١٥: ٣٢)، واتە قسەکەر و گوێگر بە پشتبەستن بە ئەزموون و شارەزاییەکان چوارچێوەیەکی هاوبەش دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن ڕووبدا، چونکە توخمە جیاوازەکانی زمان بە تەنها هەڵگری زانیارییەکی دیاریکراو نین، بەڵکو هەر یەک لە توخمەکان هەڵگری کۆمەڵێک واتای ئەزموونکراون، بەم پێیەش لە ئەنجامی پەیوەستبوونی واتا ئەزموونکراوەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی فرەواتایی (کردار)، چونکە (کردار) وەک ئارگۆمێنتێکی

داواکەر زانیاری لە بارەی داواکراوەکەی و هەروەها پەیوەندی داواکەرەکە بە داواکراوەکەیەوە دەگرێتەخۆ واتە چەمکی کردارەکە هەڵگری زانیاری و واتا جیاوازەکانە، بۆ نموونە:

A : 1. پێڵاوەکەم پێم دەگرێ.

2. دوژمن قەڵاکە دەگرێ.

3. کتێبخانەکەم کتێبی زۆر دەگرێ.

4. حیزب کۆنگرەی دووەمی دەگرێ.

5. پاسەوانەکە دەرگاکە دەگرێ.

6. دەلاقەی دیوارەکەم گرت.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە، کە لە فرەواتادا وشە پەیوەندی بە چەند وێنەیەکی هۆشەکییەوە هەیە و لە نێوان ئەم وێنە هۆشەکییانەدا پەیوەندییەکی دووسەرە هەیە (أحمد، 2009: 51). بەم پێیەش کرداری (گرت) لە هەریەکە لەم نموونانەی سەرەوەدا کۆمەڵێک وێنەی هۆشەکیی جیاوازی خستۆتەڕوو، کە بووەتە هۆی ئەوەی تۆڕێکی واتاییی جیاواز بەپێی ئەو چوارچێوانەی تێیدا بەکارهاتووە ڕوونبکاتەوە، بە جۆرێک سروشتی ئینسکلۆپیدیایی هەریەکە لە کەرستەکانی (گرتن، پێ، قەڵا، کتێبخانە، کۆنگرە، دەرگا، دەلاقە)، هەروەها ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان کەرستە زمانییەکانی ناو ڕۆنانە ڕێزمانییەکاندا هەیە، دەبێتە هۆی هێنانەئارای چوارچێوەیەکی سیمانتیکی بە شێوەیەک، کە لە نموونەی (A : 1)دا بە هۆی سروشتی ئینسکلۆپیدیایی (پێ) و (گرتن) دواتر ئەو ڕۆڵە سیمانتیکییەی، کە کردارەکە بۆ وشەکە هەڵیدەبژێرێ، هەروەها پەیوەندییان بە بکەری ڕستەکەوە چوارچێوەی واتای (گوشین) کارابووە.

به هەمان شێوەش لە هەریەک لە نموونەکانی تردا کەرستە زمانییەکانی (قەڵا، کتێبخانە، کۆنگرە، دەلاقە) هەریەکەیان لەلای قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەمەش کرداری (گرت) بەهۆی ئەو ڕۆڵە سیمانتیکییە جیاوازانەی بۆ هەریەک لەم کەرستانە هەڵیاندەبژێرێ دەبێتە هۆی کارابوونی چەندین چوارچێوەی واتای جیاواز وەکو:

A : 1. گوشین

2. داگیرکردن

3. قەبارە و گەورەیی

4. ئەنجامدان

5. داخستن، پێوەدان

6. هەڵچنین و دروستکردن

کەواتە بە لەبەرچاونەگرتنی چوارچێوەیەکی تایبەت کردارەکە چەندین واتای جیاوازی هێناوەتە ئاراوە، کە واتاکانی تەواو جیاوازە لەو واتا پێش نمونەییەی، کە کردارەکە لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا دەیبەخشێ. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێ چەندین واتای تری جیاواز درکپێبکەین بۆ نموونە:

B : 7. هەموو ڕۆژووەکانم گرتن.

8. پۆلیس دزەکەی گرت.

9. یارێکم گرت.

10. خانوویەکی تازەم گرت.

11. ئەندازەی ژوورەکەم گرت.

12. ژانەسەرم گرتووە.

13. کارەبا کرێکارەکەی گرت.

بە وردبوونەوە لە هەریەک لەم نموونانەی سەرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە چوارچێوەکان ناتوانرێ سروشتێکی کۆنکرێتی و وەستاویان بدرێتێ و پەیوەستبکرێن بە بارودۆخێکی دیاریکراو، بەڵکو قسەکەر و گوێگر بەپێی ئەزموون و شارەزاییان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە چ چوارچێوەیەکی واتایی بدرێتە پاڵ دەربڕینەکە.

کەواتە واتای هەڵێنجراو لە نێوان قسەکەر و گوێگردا چوارچێوەیەک کارادەکا، چوارچێوەیەک، کە لە زانیارییە هەمەکییەکانی مرۆڤ سەرچاوەی گرتووە. بەم شێوەیەش چوارچێوەکان ڕۆڵیان دەبێ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕۆنانە ڕێزمانییەکان بۆ نموونە لە (B)دا سروشتی ئینسکلۆپیدیایی (ڕۆژوو) جیاوازە لە سروشتی ئینسکلۆپیدیایی (دز) یان سروشتی ئینسکلۆپیدیایی (یار)، هەروەها ئەو ڕۆڵە سیمانتیکییەی، کە کارەکە هەڵیاندەبژێرێ و لەگەڵ پەیوەستبوونیان بە بکەری ڕستە بۆ ئەم توخمانە وادەکا چەندین واتای جیاواز بهێننەکایەوە وەکو:

B : 7. جێبەجێکردن

8. بەندکردن

9. پەیوەندیی سۆزداری


10. بەکرێگرتن

11. ئەندازەگرتن

12. تا لێهاتن

13. پێوەبوون(ڕاکێشان)

کەواتە بەپێی ڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی کرداری (گرت) چەند واتایەکی جیاواز دەهێنێتەکایەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندی و ڕۆڵە سیمانتیکییەی لە هەڵبژاردنی کەرستەکانی تردا هەیەتی. بەم پێیەش بە پشتبەستن بەو نموونانەی بۆ کردارەکە خراونەتەڕوو توێژینەوەکە توانیویەتی پەی بە (13) واتای جیاوازی کردارەکە ببات.




هێڵکاری ژمارە (3) فرەواتایی چاوگی گرتن

## 2-2 فرەواتایی چاوگی (خواردن)

لە زمانی کوردیدا کرداری (خوارد) یەکێکە لەو کردارانەی، کە بوار و مەودای بەکارهێنانی فراوانە و لە چەندین دەوروبەری زمانیی جیاواز بەکاردەهێنرێ ئەم بەرفراوانییەش وادەکا، کە کردارەکە (ئارگۆمێنت-

داواکراوەکانی) لەسەر بنەمای ڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی هەڵبژێرێ و چوارچێوەیەکی تایبەت بە هەریەک لەو یەکە زمانیانە بدات، کە هەڵیاندەبژێرێ. ئەم چوارچێوانەش لەسەر بنەمای ژینگەی کۆمەڵایەتی، کلتووری و شارەزاییەکانی مرۆڤ کارادەبن، چونکە "وشە لە دەرەوەی چوارچێوە بێ واتایە" (جێرمان و لۆبلان، ٢٠٠٦: ٢٩)، کەواتە کارابوونی هەر چوارچێوەیەک واتایەکی جیاواز دەهێنێتەکایەوە. بۆ نموونە:

C : 1. منداڵەکە زۆر شیرینی دەخوا.

2. ئەو منداڵە هێندە جوانە حەزەکەم بیخۆم.

3. بڕوانامەی ئێمە لە هەموو وڵاتێک ناخوا.

4. خەریکە منداڵ دەمانخۆن.

5. پێشکە خواردمیان.

6. ئەو دەرگایە کلیل دەخوا؟

بە سەرنجدان لە هەریەکە لەم نموونانەی سەرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە کارابوونی چوارچێوەکان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەیە، کە مرۆڤەکان ئەزموونیانکردووە، بەو پێیەی هەریەک لە توخمەکانی (خواردن، شیرینی، منداڵ، بڕوانامە، من، دەرگا) هەڵگری تۆڕێکی فراوانی زانیاریی ئینسکلۆپیدیایین، بەمەش دەستگەیشتنمان بۆ واتا جیاوازەکان ئاسانتر دەکا، بەپێی دەرکەوتنیان لە دەوروبەردا.

بەمەش کرداری (خوارد) بەهۆی ئەو سروشتە ئینسکلۆپیدیاییەی، کە هەیەتی، هەڵدەستێ بە دیاریکردن یان هەڵبژاردنی ئەو ڕۆڵە سیمانتیکییەی، کە پێویستی پێیەتی لە پرۆسەی هێنانەکایەوەی واتادا، بەمەش چەندین چوارچێوە کارادەبن، وەکو:

C : 1. جوین(قوتدان)

2. خۆشەویستی

3. دانپێدانان

4. بێزارکردن

5. پێوەدان

6. شوێنگرتن

ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی سیمانتیکیی هەریەکە لە (بەرکار و کار) بە شێوەی پێکەوەیی و دواتر پەیوەندییان بە (بکەر)ەوە وەکو تەواوکەرێکی دەرەکی.

هەر پەیوەست بەم کردارە و لە ڕوانگەی چوارچێوەی سیمانتیکییەوە دەتوانرێ سەرنج لە چەندین واتای جیاوازتری کردارەکە بدرێ بۆ نموونە:

C : 7. موبایلەکەم یەک سیمکارت دەخوا.

8. شاهان پارەیەکی باشی خوارد.


لە نموونەکانی سەرەوەدا هەریەک لە وشەکانی (خواردن، مۆبایل، پارە) سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سروشتێکی ئینسکلۆپیدایی تایبەت بە خۆیانن، لە هەمان کاتیشدا (بەرکار و کار) وەک تەواوکەرێکی ناوەکی بە شێوەی پێکەوەیی و لە چوارچێوەی یەک پێکهاتەدا دەکەونە پەیوەندی لەگەڵ (بکەر) وەک تەواوکەری دەرەکی، بەمەش لە نموونەکانی (7:C) و (8:C) دا توخمەکانی (خواردن، پارە) لەگەڵ چەمکی ئەزموونکراوی (بکەر)

چوارچێوەی (گونجان، خەرجکردن) کارا دەکەن و واتای جیاوازتر دەهێننەکایەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

C : 7. گونجان

8. خەرجکردن

کەواتە توێژینەوەکە، بە پشتبەستن بەو داتایانەی بۆ واتا جیاوازەکانی کرداری (خوارد) خستویەتیەڕوو توانیویەتی پەی بە (8) واتای جیاوازی کردارەکە لە زمانی کوردیدا ببات. هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو، کە کرداری (خوارد) بە بەراورد بە کرداری (گرت) کەم بەرهەمترە لە پرۆسەی هێنانەکایەوەی دیاردەی فرەواتاییدا.




هێڵکاری ژمارە(4) فرەواتایی چاوگی خواردن

سەرەڕای داتا جیاوازەکانی هەریەک لە کردارەکانی (گرت، خوارد)، لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا دەشێ بەپێی تێپەڕینی کات چوارچێوەی جیاوازتر بۆ کردارەکان کارابن، یان بە پێچەوانەوە بەشێک لەم چوارچێوانەی، کە ئێستا کاران بەکارنەهێن، چونکە بەپێی ڕوانینی ئەم تیۆرە کارابوونی چوارچێوەکان پەیوەستن بە گۆڕان و دەوڵەمەندیی ئەزموونی قسەکەرانی زمانی کوردی، بەڵام گۆڕان یان لەناوچوونی

چوارچێوەکان کارناکاتە سەر پێکهاتەی ڕێزمانی کردارەکان، کە پێکهاتووە لە: (بکەر+ بەرکار+ کار)، چونکە ئارگۆمێنتی ناوەکی پێویستییەکی بەخورتییە بۆ هەریەک لەم کردارانەی خراونەتەڕوو.

## ئەنجام

لە ئەنجامی خستنەڕووی واتای کردارەکان، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە (چوارچێوەی سیمانتیکی) مۆدێلێکی گونجاوە و دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ لە شیکردنەوەی دیاردەی فرەواتاییدا.

فرەواتایی دیاردەیەکی زمانی لەخۆوە نییە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەزموونی ئاخێوەرانی زمان لە پرۆسەی بە چەمککردندا سەرچاوەی گرتووە، بەم پێیەش واتا جیاوازەکانی کردار لە زمانی کوردیدا لەسەر بنەمای پەیبردن لەلایەن ئاخیوەرانی زمانەکە دیاریدەکرێت و کردەی پەیوەندیکردنی پێ ئەنجامدەدرێ.

واتای کردار لە زمانی کوردیدا پەیوەستە بە چۆنیەتیی پڕۆسەی بەچەمککردن لە لایەن ئاخێوەرانی زمانەکەوە، بەمەش ناتوانرێ چوارچێوەکان پەیوەستبکرێن بە بارودۆخێکی دیاریکراو و کۆنکرێتی، واتە بەپێی هەر بارودۆخێکی جیاواز چوارچێوەیەک کارا دەکەن.

لە زمانی کوردیدا کرداری (گرت) چوارچێوەی بەکارهێنانی بەرفراوانترە، بە بەراورد بە کرداری (خوارد) بەپێی ئەو داتایانەی، کە توێژینەوەکە خستویەتیەڕوو بە جۆرێک، کە کرداری (گرت) (13) واتای جیاواز دەگرێتەخۆی، بەڵام کرداری (خوارد) (8) واتای جیاواز دەگرێتەخۆی.

## پەراوێز

1. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

- سەباح ڕشید قادر(2007)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان لاپەڕە ٤٧ تا ٥٥
- یوسف شەریف سەعید(2009)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی رستەسازیی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، لاپەڕە ٩٧ تا ١١٨.
- زهرا احمد قادر، دیار علی کمال کریم(2020)، حالت در زبان فارسی و کردی، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، vol 8, no 2، لاپەڕە ٢٦٦تا ٢٧٣.

## سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی

– ابراهیم، شیلان رحیم (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– أحمد، مسعود بکر (2009)، دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران) دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

– باپیر، دلاوەر شوکری (٢٠٢١)، شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازی زانینییەوە، چاپی یەکەم، چاپ و دابەشکردن، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، سۆران.

– جێرمان، کلۆد و لۆبلان، ڕیمۆ (٢٠٠٦)، واتاسازی، و: یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

– حەسەن، تابان محەمەد سەعید (٢٠١٤)، کێڵگە واتاییەکان لە ڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– حەسەن، فەرهاد تۆفیق (٢٠١٥)، زمان لە ڕیکلامی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– سورخی، ڕەحیم (٢٠٠٨)، پرۆسەی پێوەندیی جەماوەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

– عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، چاپی یەکەم چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- عەلی، کازم عەباس (2013)، چاوگ سەرچاوە و ژێدەرە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- غەریب، نالی ئەدهەم (٢٠١٧)، درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- قادر، صباح رشید قادر (2000)، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٧)، دارشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١٣) کانونی یەکەم.

- مەحوی، محەمەدی (٢٠٠٩)، زانستی هێما واتاو واتا لێکدانەوە، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی.

- نەبی، ڕێبوار ئەحمەد (٢٠١٥)، پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.

**بە زمانی فارسی**

- اصغری، جواد و جعفری، فاطمە (١٣٩٦)، چند معنایی واژگانی بر اساس دیدگاە معنی شناسی واژگانی شناختی(تحلیل مردی رمان دروز بلغراد اثر ربیع جابر)، ادب عربی، سال٩، شمارە ١، بهاروتابستان.

- اونز، وی ویان و گرین ملانی (١٣٩٩)، زبان شناسی شناختی، ترجمه: جیهانشاه میرزابیگی، چاپ دوم، انتشارات اگاه، تهران.

- حسابی، اکبر (١٣٩٥)، قالب هایی<< خوردن>> از منظر معنا شناسی قالبی، مجله زبان و زبان شناسی، دانشگاه اصفهان.

- روشن، بلقیس و اردبیلی، لیلا (١٣٩٩)، مقدمه ای بر معناشناسی شناختی، چاپ سوم، نشر علم، تهران.

- صفوی، کورش (١٣٩٩)، در آمدی بر معنی شناسی، چاپ ششم، انتشارات سوره مهر، تهران.

- گندمکار، راحله (١٣٩٥)، بررسی چند معنایی فعل ((خوردن)) نمونەی از عدم کارایی رده شناسی واژگانی، فصلنامه علمی – پژوهش زبان پژوهشی، دانشگاه الزهرا، سال هشتم، شماره ١٩، تابستان.

- منتشلو، معصومه (١٣٩٦)، معنی شناسی شناختی تجربه عشق در گلستان سعدی، فصلنامه علمی پژوهشی زبان و ادب فارسی-گروه زبان و ادبیات فارسی دانشگاه آزاد اسلامی واحد سنندج، سال نهم، شماره ٣٢، پاییز.

**بە زمانی ئینگلیزی**

- Abdulrahman, Almas Nasradeen (2016), An investigation of conceptual Blends in the figurative language of English Advertisements: A cognitive semantic Approach, university of Sulaimani.

- Collins, Peter c. (2007), Can and May: Monosemy or polysemy, Linguistics Department university of N S W Sydney 2052, Australia.

- Evans, Vyvyan and Green, Melanie (2006),Cognitive linguistics: an introduction, Edinburgh university press, Edinburgh.
- Fillmor, Charles G (1977), The case for case Reopened, in P.Cole and J.Sadock(ed), Syntax and Semanties, New York: Academic Press, Vol. (8).
- Lobner, Sebastian (2013), understanding semantics, second edition, published by Routledge, New York.
- Saeed, John I. (2009), Semantics, third edition, Blackwell, United Kingdom.

**سەرچاوەی داتاکان**

- خاڵ، شێخ محەمەدی (2005)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- شێخانی، عەبدولوەهاب (2009)، فەرهەنگی شێخانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- هەژار، (1396)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پویا، تهران.

**ملخص**

هذا البحث بعنوان (تعدد المعاني) لأفعال (أكل، الإمساك) باللغة الكردية من منظور الدلالات المعرفية، كمحاولة لتحليل وعرض المعاني المختلفة لكل فعل (أكل، الإمساك) من منظور الدلالات المعرفية. ظاهرة تعدد المعاني في العمل بطريقة تمكن الإطارات من إنشاء شبكات دلالية مختلفة وفقا لتجربة المتحدث والمستمع، أي أنه يمكن إنشاء معاني مختلفة عن طريق تنشيط كل إطار. من هذا المنظور، فإن كل فعل من الأفعال (الأكل، الإمساك) ينشئ شبكة دلالية، بحيث تمثل كلمة (الأكل)، وفقا للبيانات المقدمة في الدراسة، (٨) معاني مختلفة و (الإمساك) (١٣) معاني مختلفة في اللغة الكردية.

**Abstract**

This research is entitled (polysemy) of the verbs (eating, catching) in Kurdish from the perspective of cognitive semantics), as an attempt to analyze and present the different meanings of each verb (eating, catching) from the perspective of cognitive semantics The phenomenon of polysemy at work in such a way that frames can create different semantic networks according to the experience of the speaker and listener, that is, different meanings can be created by activating each frame. In this perspective, each of the verbs (eating, catching) create a semantic network, so that according to the data presented in the study, the word (eating) represents (8) different meanings and (catching) (13) different meanings in Kurdish.